# قەڵاچۆی کتێب!

# کتێب گەنجینەی بە نرخی مرۆڤایەتی یە .

ڕەشاد- مستەفا سوڵتانی
سوید فوریە 2009



دەسەڵات و هێژمۆنی نادیموکراتیک بۆ مانەوەی خۆی، پەنا بۆ هەموو ڕێگایەک دەبا. ئەگەرچی دەبوا ئەرتەش و سپای پڕ چەک و چۆڵ و ئۆرگانە جاسوسیەکان چارەی دەردیان بکات ، وا پێ دەچێت ئەم ئامێرانە هەرگیز ناتوانن بە رهەڵستێک بۆ بیری پیشکەوتوو و پێشڕەو ساز کەن . دەسەڵاتداران سەرەنجام ڕیگاکانی تر و لە وانە،خاپوور، نابود کردن و کوشتنی بیر و هزری نوێ دەگرنە بەر.وئامانجی سەرەکیان داسەپاندنی فیکری کۆن و گەندەڵە. تکنیکی مۆدێرن دەوری دیکتاتورەکانی بە شێوەیەکی لە بیر نە گونجاو ،بەر تەسک کردوەتەوە.لە هەر وڵات و هەرێمێک کە، کوڵە دیکتاتورێکی لی هەڵکەوتبێت ، دیر یان زوو هێرش کراوتە سەر گەنجینەی کتێب و شرۆڤە کردنی کارەساتەکان لە توانای قەلەمدا نیە. بە هەمان ئەندازە کە مروڤ لە دەورانی کۆیلەتی تا دەورانی تۆخی چەوسانەوی ئەم چەرخە ،دیل کراوە لە هەمان ئاستدا بەرهەمە جوان و گەنجینە بە نرخەکەی، داپلۆساوە وتاڵان کراوە ولافاوی دیکتاتوری بردویەتی . لەبەرزی و نزمی بوارەکانی مێژوودا،زۆر جارنووسەری کتێب تێرور کراوە و، ئاسەوارێک لە کتێبەکە نە ماوە . کاتێک تیرۆریزم گەشە دەکا ، دیموکراسیش بەرەو قەسابخانە سەفەر دەکات .کوڵە دیکتاتورە دەسەڵاتدارەکان، کوشتنی کتێبیان لە خانەی دوکتورینی دەوڵەتی داناوە. بەداخەوە ئەگەرچی کورد بە گشتی جەماوەرێک نین کە گۆڤار،کتێب و رۆژنامە بخوێنەوە،بەڵام ئەو کتێبانەیش کە هەیانە لە مەترسی دایە. توری جاسوسی لە خزمەت دیکتاتوری و بۆ سوتاندنی کتێب،شیاوی باس و لێکۆڵێنەوەیە .لە کەش و هەوای شەڕ و پیکدادان، پەیوەندی دیموکراسی و دیکتاتوری کۆک نیە . هەر بۆیە کاول کردنی کتێبخانە ئەرکی سەرەکی ئامێری سە رکوتە . نموونەی دیار و لە بیر نەکراو لە جیهاندا کەم نین :

بەر لە بە دەسەڵات گەیشتنی" کابێلا" لە وڵاتی کونگۆ شای ئەو وڵاتە زۆربەی کتێبە چاکەکانی لە ناو برد . لە ئامریکا نوسراوەکانی" مارتین لۆترکێنگ" تووشی سانسوری بی ڕەزا هاتن و بە ئاسانئ لە بەر دەستی خوێنەراندا، دانەدە نرا. کاتێک کۆنە پارێزان لە وڵاتی کونگۆ" پاتریس لۆمومبا"یان بە دیل گرت و ناجوامێرانە کوشتیان دەستیان بە سەر هەموو کتێبە چاک و عیلمیەکاندا گرت و نەیان هێشت بڵاو کرێنەوە و، یا لە ناو بران . وتارەکانی "نیلسون ماندیلا " کە لە دوورگەیەک زیندانی کرابوو ئەگەر لای کەسێک گیرابا ،سەری لە ناو دەچوو. گرتنی نوسراوەکانی" چەگوارا و فیدڵ کاسترو" لای هەر ڕووناک بیرێک لە ئامریکای باشوور لە مادە بێهۆش کەرەکان سزای قورس تر بوو. و دەیان ساڵە بە خاتر نوسراوەکانی "لنین ،

مارکس ، ئەنگلس،هوشی مین و مائۆتسەتونگ " دەیان هەزار کەس زیندانی کراوە و یا لە سێدارە دراون . نازم حیکمەت لەلایەن شوڤێنیستە کە مالیستەکانی تورکیاوە ڕاو نرا و، لە ناچاری بەرەو موسکۆ باری کرد و لە شاری موسکۆ مرد . ئادۆلف هیتلیر و نازیستەکان،فاشیستەکان و فرانکۆ، جەنابی پینۆشە،ضیاالحق لە پاکستان و... هەوڵین هێرشیان بۆ سەر کتێبخانەکان بوو . نازیستەکان کۆلان بە کۆلان و ماڵ بە ماڵ بە شوێن ئازادیخوازان و کتێبدا دەگەڕان و گەنجە سیاسیو ئازادیخوازەکانی شاری کۆلنی ئالمانیان بە تاوانی سەربەستی و کتێبی چاک گرت. و ئاخرین سەنگەری خەباتی ئەو گەنجە بوێرانە،کاتی ئیعدامکردنیان بوو کە بە خوێندنی سروودی شۆڕشگێرانە حەماسەی سەربەستیان خولقاند. ئاسەواری ئەو قەتڵگایە هێشتا لە کۆلن ماوە. زانست و دوواکەوتویی بە ئەندازەی بەرزی مێژوو لە یەکتر دوورن . فوندامینتالیستەکانی سومالی ، حیزب الله ی لوبنان ، تالیبانەکانی ئەفغانستان، وەهابیەکانی عەرەبستان ،فاشیزمی مەزهەبی ئێران،سەلەفیەکانی بەنگلادیش و حەماسی فەلەستین بە تایبەت دژی ئازادی ژنان و کتێبن و لە ئاستێکی بەر فراواندا لایەنگری سانسورن. و ئەو کتێبانەی کە چۆراوەی بیر و فیکری بیرمەندانێکی هەلکەوتوو وەک چارلز داروین ی ئینگلیزی (1882 -1809) کە تیئوری گەشە کردن(تەکامول) و هەڵبژاردنی خۆڕسکی(انتخاب طبیعی) داهێنا و کارل ڤون لینە ی سویدی کە گیاکان و، گیان لە بەرانی بە شێوازێکی زانستیانە پۆلبەندی کرد و گریگۆری مەندل کە تیئوری وەراسەتی داهێنا ولە هەمان کاتدا ولامێکی زانستیانەیان بە کتێبە ئاسمانیەکان دایەوە،قاچاغە . تیئورەیەکانی ئەم سێ بیرمەندە هێژایە لە گەڵ خورافات و نەزانین ناکۆکن و دژایەتیان هەیە و وراستەوخۆ لە زانست و سیکۆلاریزم دیفاع دەکەن کە، لە لایەن توند ڕەوە فوندامینتالیستەکانەوە سانسور کراون ولە و شوێنانەی هێژمۆنی سیاسیان هەیە ناهێڵن لە کتێبی فێر کردن و بارهێنان ئاماژە بە ئەو دەسکەوتە بیولۆژیکانە بکرێت . نمونەی هەرە دڵتەزین لە ئێران و بە دەستی مەلاکان کراوە . مەلاکانی ئێران لە سەر قەتارێکی کۆن و ژەنگاوی سوار بوون کە بەرەو دواوە قەڵەمباز دەبات . تاکتیک و شێوازی شمشیر وەشێنەکانی سەردارانی عەرەبی دوورگەی عەرەبستان بە کار دەهێنن.عەرەبەکان کاتێک بە خێرایی و پڕتاو گەیشتنە ئێرانی ئاوەدان ، بەرەو ڕووی کۆمەڵگایەکی پێشکەتوو بونەوە و، سەریان سوڕ ما . دەستوریان لە حەزرەتی عومەر وەر دەگرت و لە یەکەمین هەنگاودا ئاڤێستایان فەوتاند .لەوکاتەدا، لای عەرەبەکان پێنوس و خامە نرخی نە بوو و تەنیا شمشیر و ئەسب پیرۆز بوو . لە نێوەی دووهەمی سەدەی رابوردوو لە گوندێک بە ناوی "هەزار مێرد" لە نزیک شاری سلێمانی لە لایەن کۆنێنە ناسەکانەوە دەس نوسێک دوزرایەوە کە بە زمانی کوردی* نوسراوە .ئەم دەس نوسە پەخشانێکی شیعرئاساو بە نرخە، کە هێرشی عەرەبەکان (تازیەکان ) بۆ سەر خاکی ئێران ودەڤەری کوردستان باس دەکات . ئەم پەخشانە ناسکە،هاوار ودەردی دڵی خەمباری کوردە، کە لە سەر لاپەرەکانی مێژوودا ماوەتەوە .

" شوێنی پرستگاکانیان وێران کرد.ئاگرەکانیان کوژاندەوە . عەرەبە ستەمکارەکان شار و دێهاتی دەور وبەری شارەکانیان تەخت. وێران و خاپوور کرد.ژنان و کچانیان ئەسیر

کردوبه دیلی گرت  و پیاوه ئازاکانیان له خوێنی خۆیان گەوزاندو تەلاندەوە. ئاینی زەرەدەشتی بێ پەنا مایەوە و ئەهورمەزدا،بە هیچ کەس عاتیفە و میهری نە نواند ! "

کاتێک  عەرەبەکان دەسەڵاتی سیاسی له ئێران به دەستەوە دەگرن ، پەیوندیان له گەل حەزرەتی عومەر به هۆی نامەوە بوە .نوێنەران له ولامی نامەکانی خەلیفە دەنوسن کە ساسانیەکان بۆ هەر نامەیەک ڕۆژ،مانگ و ساڵی نوسینی نامەکە دیاری دەکەن.بەڵام کات و ساتی  نوسینی نامەکانی جەنابتان دیار نیە و لەو کاتەوە خەلیفە فێر بوو تا  ڕۆژ،مانگ و ساڵی نوسینی نامەکانی دیاری بکات  .  ئاستی نزم و دوواکەوتویی  عەرەبە تازە بە دەسەلات گەیشتووەکان وئاستی بەرز و پێشکەوتووی زەرەدەشتیەکانی ئێران لەم دیاردەیەدا بە چاکی دەر دەکەویت .فەوتاندنی کتێبی ئاڤێستا دەسپێکی ئەو ڕەوتە نادیموکراتیکانە بوو، کە ئاسەواری هزر و بیری مرۆڤی ئێرانیەکانێ بەرەو ئاقارێکی ترسناک برد و مەلاکانی ئێران له سەر هەمان ڕچە هەنگاو دەنین. بنەمای فیکری و سیاسیان له سەر هەڵویست و قسە بی نرخەکانی شێخ فضل الله نوری یە. ئەو دژی ڕێبەرانی شۆڕشی مەشروتە واتە: حیدەر  عمو ئوغلی، ستار خان ،باقرخان و شێخ محمد خیابانی بوو. جەنابیان  مەشروتەی نەدەویست و مەشروعەی دەویست و، ئەوەندە بە شۆڕشی مەشروتە خەیانەتی کرد  کە، لە سێدارە درا. هەر بۆیە پاش قسەکانی ئاغای خومینی کە فەرمووی "قەڵەمەکان بشکێنن!"  و ئێمە نوسەری ئیسلامیمان دەوێت ناڕاستەوخۆ دەستوری هێرش بۆ سەر کتێبخانەکان درا. و هەر کتێبێک کە جەڵدەکەی سپی بوو بە ناوی کتێبی ڕێگا ونکەر (کتێبی ضاله)  ناو زەد کرا.لەو کاتەوە دیموکراسی و فیکری سیکۆلار له ژیر پێی سپای پاسدارانداا دەناڵێنیت و لایەنگرانی بیری سیکۆلار یا زیندانی کراون و یاکوژراون و یا له ناچاری بەرەو هەندەران کۆچیان کردوە . شمشیری سانسور  کتێبە علیمی و زانستیەکانی قەدەغە کردوە و، لە باتی ئەو گەوهەرانە، کتێبی فوسیلی و کۆن لە دەیان هەزار نوسخە  چاپ دەکرێن. کتێبە چاکە نوێەکان چەند سال لە دایرەی پشکنینی بیر و باوەر کە ئۆرگانێکی سپای پاسدارانە تۆز و خۆڵ دەخۆن ،هێشتا ئیزنی چاپ کردنیان نادرێت . ژانێکی قورس و دەردناک بە سەر نووسەرەکاندا داسەپیوە.  لە ڕاستیدا پێنوس  و خامەکانیان لە دایرەی پشکنین بە بارمتە گیراوە . ئەو هەموو گەنجینە و کتێبە جوانە لە لایەن وەلایەتی فەقیە و دەزگای ئەنگیزیزاسیونی(ئۆرگانی پشکنینی بیر و باوەڕ) سوپای پاسدارانەوە سانسور کراوە و هەرگیز چاپ ناکرێن تابیری نۆی و پێشکەوتوو بەرەو کتێبخانەکان ئاژین بن . گۆڤار،ڕۆژنامە،کتێب و بە گشتی چاپەمەنی سانسور کراوە و ئازاد نین و، لە باتی مادە بیهۆش کەرەکان لە ئاستێکی باوەڕ پێنە کراودا ،ئازادن  و لە کوردستان بلاو دەبنەوە .مەلاکان هیچ بەرهەڵست و لەمپەرێکیان بۆ بلاو کردنەوە و فرۆشی مادە بیهۆش کەرەکان دانە ناوە .زۆرترین ڕقی مەلاکان لە کتێبی علیمی و زانستی ئەوەیە کە لە مافی ژنان دیفاع دەکەن و هەر بۆیە ئاوریان تێ بەر دەدەن .دیکتاتوری شا و خومینی، وشکاوی بە هەستی خولقینەری پسپۆڕانی زمانی کوردی هێمن ، هەژارو قانیع هێنا،ساڵیانی ساڵ ئاوارە و شار بەدەر بوون.شیعرەکانی لینگستی هێوز ماوەیەکی دوور و درێژ ئیجازەی چاپیان نەدرا. نوسراوەکانی جۆهیل ی سویدی کە لە ئامریکا پەنابەر بوە لە لایەن پولیسی ئامریکاوە دەستی

به سەردا ،گیرا.وتار و دیفاعیاتی بوێرانەی بە ڕێزان کەرامەتوڵای دانشیان و شوکروڵای پاک نیژاد لە بیدادگاکانی ئیران ،لەلایەن ساواکی شاوە ،ئیجازەی بلاو بونەوەیان پێ نەدرا. کتێب خانەکانی کوردستانی ڕۆژ هەڵات لە کتێبی مەزهەبی و کۆن ئاخێنراوە . ساتی ناساتێک گۆڤار ورۆژنامەیەک کە باسی کێشەی کورد دەکات، دادەخەن.چاپەمەنی و ماسمێدیا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات تووشی مەرگە سات هاتوە . ڕێزدار عبدولرحمان زەبیحی پسپۆڕ، زمانەوان و بیرمەندی شارەزا، بە ماندوو بوونێکی یەکجار زۆرەوە قاموسێکی پاراو و مۆدێرنی ئامادە کرد وئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی تەنیا دوو پیتی ئەلف و بێ یان بۆ چاپ کرد. سەرجەمی پیتەکانی تر کەوتە دەستی حکومەتی سوشیالیستی بەعس، و نوسەری قاموس و خودی قاموسەکە لە سیدارە دران . دەڵێن گوایە؟؟ کۆپی هەموو ماتریالەکانی ئەو قاموسە، لای حیزبێکی کوردیە کە بە داخەوە ئەم هەواڵە هێشتا پشت ڕاست نە کراوەتەوە .ئەو گەنجینە گرانبەهایە بە خۆڕایی لە دەست چوو. بە ڕێز عەبدولخالق مەعرووف نوسەری کتێبی" ئادەمزاد لە کۆمەڵگای کوردەواریدا " کە بار و دۆخی ژنانی کوردی لە کۆمەڵگای پیاو سالارانەی کوردستان باس و شی کردوە تەوە لە لایەن بە عسیەکانەوە( و هەندی کەس دەڵێن لە لایەن کۆنە پارێزانی کوردەوە) تیرۆر کرا. لە 28 ی گەلاوێژی1979 میلادی کاتیک خومینی دەستوری جیهادی ئەکبەری بۆ سەر خەلکی کورد ڕاگەیاند، ئەو ئەندازیە شاردنەوەی کتێب بۆ ئازادیخوازانی کورد گرینگ بوو ،هیچ شتێکی تر گرینگ نە بوو. لە گوندکان و شارۆچکەکان و شارەکان کتێب قایم کردن و شاردنەوەی، باو بوو .ئەو کتێبانە لە تەلیس و گۆنی ،لە پووت،لە نایلۆن،لە کەندووی گەنم و جۆ،لە سەندووق دەکران و لە ژیر زەوی یا لە ناو ماڵ دەشاردرایەوە.تازە دەبوا شاردنەوەکەت لە ئاستێکی بەرزی نهێنیدا بێت و نەیاران و توودەیی و ئەکسەریەت نەزانن. زۆربەی هەرە زۆری کتێبەکان بە تێپەر بوونی زەمان ، و کاردانەوەی بە فر، با و بۆران ، لە شوێنەکانیان پرتووکان و وەک مێشکی کۆنەپارێزان ڕەق هەڵاتن .لە نەورۆزی خوێناوی سالی 1980شاری سنە ،کاتێک پێشمەرگە سەنگەری گۆڕی و شاری چۆڵ کرد لە کۆڵانەکان و دوور تر لە دەروازە ی ماڵەکان، کتێبی گرانبەها فرە درابوو و بی ناز و بێکەس داکەوتبوون. کتێبەکان پوکاوڵیان لە شەڕی داسەپاو، داگیرکەر و خورافات دەنا ، کە کوردستانیان بە شێوەیەکی دڕندانە لە ئاگر و خوێن نقوم کردبوو. کتێب خانەی ڕێزدار پێشەوا قازی محەممەد لە لایەن پولیسی شاوە لاک و مۆر کرا و دایان خست . گەنجەکانی شاری مەریوان کەلایەنگری دیموکرات ،پەیکار،ڕزمەندگان ،چریک و کۆمەڵە بوون فریای شاردنەوە و گواستنەوەی کتێبەکان نەدەکەوتن .پرۆسەی سوتاندنی کتێب و کوشتنی ئازادیخوازی کورد، هەنگاو بە هەنگاو لە لایەن سوپای پاسدارانەوە بە ڕێوە دەچوو. کۆمەلە ژنانی بۆ یەکەم جار لە بزووتنەوەی گەلی کوردا، لە ئۆرگانەکانی نهێنی و ئاشکرای خۆی ڕێک خستبوو، نەفرەت و قینی جمهوری ئیسلامی لە کۆمەڵە، لەو بابەتەوە دوو قات بوو. هەر بۆیە کتێب خانەی هەموو بنکەکان، کە ئۆرگان گەلێکی دیموکراتیک بوون و ژنان لەو ئۆرگانەدا هەلسوڕاو بوون، تالان کرا و ئاسەواری نەما. ناوەڕۆکی ئەو هێرشانە تیک هەڵکێشێک لە کۆشت و بڕ ، سانسور و سوتاندنی کتێب بوو. کتێب پارێزەری باخی کولتووری جیهانە !

خانوویەک  کتێبی تیدا نە بێت لە ژوورێک دەچێ، کە پەنجەرەی تێدا نە بێت .
لەو شوێنانەی دیکتاتورەکان  کتێبەکان دەسوتێنن ،سەرەنجامیش ئێنسانەکان دەسوتێنن !
2009 02 14

*****

ڕوونکردنەوە و زانیاری پێویست :

* وت و وێژی بە ڕێز " ئەرسەلان عەزیزی" چالاکی سیاسی، لە گەڵ تەلڤیزیونی تیشک، سەبارەت بە پرۆسەی کتێب سوتاندن لە ئێران،   ئەم باسە دەگرێتەوە ، بەڵام ئەم وتارە لەگۆشە نیگایەکی ترەوە شرۆڤە کراوە .

1- کتاب " ایران زمین" نوشتەی دکتر مزدا تهرانی و کتاب" نهضت های ملی ایرانیان" نوشته رفیع حقیقة در مورد این دست نویس اشاراتی کردەاند .

2-  " پس از هزار و چهار ضد سال" - نویسندە شجاع الدین شفا-  جلد اول و دوم نشر فرزاد.خوشبختانه اقای شجاع الدین شفا دست نویس و متن کردی را که باستان شناسان کشف کرده اند، بر خلاف نویسندگان و مورخین ملت صاحب دولت، اعتراف کردە و کتمان نمیکند .            3- کومیسیونی فێر کردن و بار هێنانی کۆمەڵە ساڵی 1982 سەبارەت بە زمانی کوردی پەرتووکێکی لە بۆکان چاپ کرد کە ئەم پەخشانەی بە شیوە زمانی هەورامی تێدا نوسرابوو.

-چارلزداروین، گریگۆری مەندیل و کارل ڤون لینە سێ بیرمەندی هێژا بون کە خزمەتی گەورەیان بە مرۆڤایەتی وبواری زانستی نیولۆژی کرد4

Charles Darwin , Carl Von Linne and Gregory Mandel

5- ضالە وشەیەکی عەرەبیە و بۆ هاومانای کتێبی( ضاله) لە زمانی کوردیدا ئەم وشە کوردیانە بە گونجاو دەزانم: کتێبی (ڕێ ونکەر، گومراه، چەواشە، زیانبار، فریودەر، سەر شێوین)

6- حیزبت توودە و چریکی ئەکسەریەت پێیان  وایە جمهوری ئیسلامی دژی سەرمایەداریە . کاتێک زلهێزەکان شایان لە ئێران دەر کرد و یارمەتی خومینیان دا، تا بۆ ئێران بگەڕێتەوە بە خێرایی و شان بە شانی یەکتر، لە ستراتیژی مەلاکان دیفاعیان کرد .